

# شيعرو فةلسةفة

**بةشي دووةم**

**دارا مةحمود**

## ثرسيارو سةرسامبوون

یەکێك لەو جێگایانەی شیعرو فەلسەفە دەکەونە سەر یەك ڕێچکە  ئەمەیە کە هەردوولا مرۆڤ ڕووبەڕووی پرسیار دەکەنەوە:

- واتای مرۆڤبوون چییە..؟
- من چ شتێك دەتوانم بزانم، یان بناسم..؟
- بوون چییە..؟ ئەمەی هەیە چییە..؟
- مەرگ، گیان، خوا...چین..؟
- سەرەتای مرۆڤ لەکوێوە دەستپێدەکات و لەکوێ کۆتایی پێدێت..؟

ئەمانەو چەندان پرسی تر کە هەمیشە بنەمای بیرکردنەوەی فەلسەفیانەو گۆڕەپانی چالاکی بیری فەیلەسوفان و زۆرجاریش شاعیران بووە.

گۆران دەڵێ: چی یە ئەی ڕۆحی بێ لێوارو بێ پەی
لەتۆ ناشارەزایی من هەتا کەی؟

ڕەفیق سابیر دەڵێ: بەرەو کوێمان دەبات زەمان؟
نە بۆ مردن کاتمان هەیە
نە بۆ ژیان.

فەلسەفە کاتێك پرسیار دەکاتە بنەمای بیرکردنەوە، بەم واتایەیە کە بەدوای نادیاردا دەگەڕێت و خولیاو وێڵی ئاشکراکردنی نهێنی و شتە شاردراوەو نامۆکانە. و پەیامی فەلسەفە دیتنەوەی ڕێگای تازە لە شوێنی نامۆ

بێگانەو نائاشنایە. کە لە ڕاستیدا ئەمە کاری شیعریشە.: واتا، دوان لەنامۆو نامۆیی، شکاندنی دیواری ڕاهاتن ودووبارەبوونەوەو لاساییکردنەوە. هەربۆیەش گوتە دەڵێت: شیعر بە سروشتی خۆی واتای دیتنەوەو ئاشکراکردن لەخۆی دەگرێت.20

بوارێکی تری یەکگرتنەوەی شیعرو فەلسەفە سەرسامبوونە. و ئیفلاتوون دەڵێت سەرچاوەی فەلسەفە سەرسامبوونە21. بەلاّم تۆ بڵێی شیعرێك بەبێ فاکتەری سەرسامبوون لە دایك ببێت..؟ سەرسامبوون لەبەرانبەر جوانی، ئەوین، مەرگ و ژیان، گەردوون، سروشت...و لە ڕاستیدا پرسیاریش هەر لە سەرسامبوونەوە سەرچاوەدەگرێت. بۆیە مەحوی دەڵێت:

هەر گفتوگۆمە کەچی هەر دەڵێم و تێناگەم

هەر جوست و جۆمە کەچی هەر دەڕۆم و پێناگەم

سەرسامبوونی شاعیرو فەیلەسوف، لەگەڵ بەسەرچوونی ڕۆژگاردا تادێ پتر مەزن دەبێت. تا چاوی کراوەتردەبێت و بیری تیژترو خەیاڵی فراوانتر دەبێت پتر تێدەگات کە هیچ نازانێت.

مەحوی جارێکی تر دەڵێت:

دڵ بوو بە بەحری عولووم و لە ئەلف و بێ ناگەم

بەر لە مەحویش حافز، هەمان واتا، لەقاڵبێکی تردا دەردەبڕێت و دەڵێت:

از هرطرف که رفتم جز وحشتم نیفزود
زنهار از این بیابان وین راه بی نهایت

این راه را نهایت صورت کجا توان بست
کز صدهزار منزل بیش است در بدایت

واتا ڕووم لە هەر شوێنێك کرد تەنیا ترسم پتربوو. ئەمان لەدەست ئەم بیابان و ئەم ڕێگا بێکۆتاییە.. ئەم ڕێگایە سەرئەنجام بەکوێ دەگات. کە پتر لەسەدهەزار مەنزڵ جارێ هەرسەرەتایەتی...

بیرکردنەوەی فەلسەفیانە وا لەمرۆڤ دەکەن باشتر بە حەقیقەتی خۆی ئاشنابێت و ئاست و سنووری تێگەیشتن و زانیارییەکانی خۆی بزانێت.

مرۆڤ بەسروشتی خۆی بوونەوەرێکی لەخۆباییەو زۆربەی جاران پتر لەوەی هەیە خۆی دەبینێت. بەلاّم بیرکردنەوەی فەلسەفیانە مرۆڤ دەهێننەوە سەر هێڵی ڕاست و بەو باوەڕە دەگات کە ئەو چەندە زاناو دانا بێت لەبەرانبەر نهێنییەکانی هەبووندا یەکجارکەم دەزانێت و هێشتا نە ئەوو نەمرۆڤایەتی وەلاّمێکیان بۆ پرسە ئاڵۆزەکان پێ نییە.. هەر بۆیە دالامبر دەڵێت: (چەندە بە هزرەکانی خۆمانەوە دەنازین. ئای کە پێشکەوتنەکانی ئێمە کەم و بێ بایەخن و چەندە کوورتبینین..) 22

## شیعرو فەلسەفە لە ئەدەبی کوردیدا:

پەیوەندی شیعر بە فەلسەفەوە لە ئەدەبی کوردیدا پەیوەندییەکی نێگەتیفانەیە. و بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین مەگەر بە دەگمەن دەنا فەلسەفە نەبۆتە بابەتی شیعر. و گەرچی زۆرجاران هەر لە خۆڕا ئەم یان ئەو شاعیر بە فەیلەسوف دەچوێنین بەڵام بنەمایەکمان بۆ ئەم وێکچواندنە نییەو کارەکە پتر خواستە تا واقیع و پێدەچێ گەرەکمان بێت لەم ڕێگایەوە پایە بە شاعیرانمان ببەخشین. وزۆرجار وای دەبینم جوانی شیعرو دەستڕەنگینی شاعیر لە بەکارهێنانێکی خوڵقێنەرانەی مەجازو ئیستیعارەو کینایە... تێکەڵی فەلسەفە دەکەین و وەك بڵێی لوتکەی جوانی و دەستڕەنگینی دەبێ حەتمەن فەلسەفە بێت. لەمەش بترازێ، زۆربەی پشتبەستنەکانمان لەم ڕووەوە لەسەر بەیتێك یان قەسیدەیەك خڕدەبێتەوە کە ئەویش جێگای گومانە داخوا مژارێکی فەلسەفیانەی تێدایە یان نا. و زۆربەی ئەو شیعرە کوردیانەی لەخانەی فەلسەفەدا دادەنرێن بریتین لە شیعری ئاینیی، پاڕانەوە لە خوا، ترس لەمەرگ...(ئا لێرەدایە کە ئێمە دەبینە خاوەنی ئەفسانەیەکی نەمر، کە بۆ هەموو شوێنێ دەگونجێ)23 و ئەو ئەفسانەیە( پیرەمێردمان لێدەکاتە فەیلەسووفی کورد - بێ ئەوەی ناچیزەترین پێناسەی فەلسەمان بۆ بکات)24...

جێگای خۆیەتی بپرسین: ئایا لەناوهێنانی شیعرو شاعیر. و لە بەراوردکردن و وێکچواندن لەگەڵ فەلسەفەدا (بەتایبەتی لە ئەدەبی کوردیدا)مەبەست هەموو شیعرێك و گشت شاعیرێکە..؟ لەوەڵامدا ناچارین بڵێین: چۆن دەکرێ شاعیرێك بە فەیلەسوف بچوێنین کە لەتەواوی ژیانیدا پەیڤێکی فەلسەفیانەی نەگوتبێ و کەشتی هزری لە بەندەری فەلسەفەدا لەنگەرێکی نەگرتبێ..؟ ئاکام ڕوونە، هەروەك چۆن بواری چالاکی هزری و دیدو قوتابخانەی فەلسەفی گەلێکن. هی شیعریش هەروا. دەم لەفەلسەفەوەردان، نووسین و ڕاڤەکردن و لێدوان و شیکردنەوەو لێکدانەوەی فەلسەفە، مرۆڤ ناکەن بە فەیلەسوف. لەمەش بەولاوە جارێ هەنگاوی یەکەم بەدەستنیشانکردنی ئەوەی (شاعیر!!) شاعیرە یان نا خۆی لەوە گرنگترە کە ئایا فەیلەسوفە یان نا..و دەشکرێ شاعیر بێت و شاعیرێکی باش و سەرکەوتووش، لەهەمان کاتدا نە فەیلەسوف بێت و نەبەلاشیدا چووبێت. جیهانی فەلسەفە جیهانێکی ئاڵۆزو قوڵ و بێکۆتاییە، و تەنیا ئەو شاعیرە دەتوانێ پێ بنێتە ئەم جیهانەوە کە لە شاعیرێتیدا بەتۆکمەیی گەیشتبێت.

بەڵام ئیتر ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە شیعری کوردی سەرتاپا لەفەلسەفە داشۆراوە. فەلسەفە مەرج نییە مژارو بوارێکی زانستی وابێت مرۆڤ تەنیا لە زانستگاکاندا فێری بێت و یانیش لە میانی واژەو ڕستەی فەیلەسوفەکانەوە بەدەستی بخات و پەیڕەوی بکات. دەکرێ ئەمانە هەموو هەبن بەڵام فەلسەفە لە بناغەدا دیدە بۆ ژیان. ئەو دیدەش خودی ژیان و ئەزموونەکانی و دیرۆك بۆ مرۆڤیان دەهێنێتە کایەوە. هەربۆیە لۆکاش لە پێناسەی فەلسەفەدا دەڵێت: (دیدگەلێکە بۆ جیهان). هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پەتی پەیوەندی لە نێوان تەسەوەف و فەلسەفەدا پەیدا دەبێت و سۆفی کاتێك دەچێتەوە ناو خۆی و جیهانی مادی بۆ جیهانێکی تری فراوان کە لە زەینیدا بەرجەستە دەبێت چۆڵدەکات، دەگاتە ئاستێك کە بنبەستە و ناچار دەکەوێتە پرسیار. ئیتر گرنگ نییە ئەم پرسیارە لە خۆی بێت یان لەخوا یان شتێکی تر.

پەیوەندی شیعری کلاسیکی کوردی بە فەلسەفەوە، وەك هی عەرەبی و فارسی، لە تەسەوفدا خۆی دەبینێتەوە. و تەسەوفیش بەحوکمی ئەوەی بنەماکەی ئایین و خواپەرستییە کەواتە شتێکی ئاسایی و لۆژیکییە کە شیعرەکەشی هەر لەسەر ئەو بنەمایە بێت. گەرچی لە جیهانی تەسەوفدا دەرچوون لە تەلبەندی ئایینیش بەرچاو دەکەوێت و تەنانەت دەکرێ مرۆڤ سۆفی بێت و لەهەمان کاتدا سکولاریش بێت. ڕیشەی تەسەوف بەر لە ئیسلامیش لە ئاینەکانی وەك هندۆسی و زەردەشتی و فەلسەفەی ئاتێن و گنوسی و بودایزم و ئاینیی جوویی و مەسیحیی و مانی و... هی تریشدا هەبووە. و تەنانەت گنوسی هەر سەرتاپا ئاینی تەسەوف و عیرفانە. و واژەی گنوس بەواتای مەعریفەو عیرفان و زانست و دانایی... دێت. بەڵام لەشیعری کلاسیکی کوردیدا لە تەسەوفێکی ئیسلامییانە بەولاوە شتێکی تر بەرچاو ناکەوێت. مەگەر ئەوەی بە لێکدانەوەکانی خۆمان بۆیان درووست بکەین.

کاریگەریی شیعری سۆفیانەی عەرەبی و فارسی لەسەر ئەدەبی کلاسیکی کوردی ئاشکرایەو نکوڵی ناکرێت. و خودی تەسەوفی ئیسلامیش وەك بزووتنەوەیەکی ئاینیی لە ناو فارس و عەرەبەوە سەریهەڵداوە و لە ڕێگای ئایینەوە پەڕیوەتە ناو نەتەوەکانی تر بەکوردیشەوە. و شیعریش سیمایەکی دیاروو ڕووە فەرهەنگییەکەی تەسەوفە. و ئەگەر لە ئەدەبی عەرەبیدا شاعیرانی گەورەی وەك ئەبوالعەلای مەعەری و رابیعە العەدەوییە هەبن ئەوە پرشنگدارترین لاپەڕەکانی ئەدبیاتی فارسی شیعری سۆفیانەیە کە بە شیعری عیرفانی ناو دەبرێت و شاعیرانی مەزنی وەك: عەتاری نیشابوری و جەلالەلدینی محەمەدی بەلخی ناسراو بە مەولانا و حافزی شیرازی و عومەری خەیام و چەندانی تر دەیرازێننەوە. و لە ئەدبیاتی کوردیشدا شایستەترین ناوێك نالی و مەحوییە. ئەمە بێ ئەوەی مەولەوی و مەلای جزیری و ئەوانی ترمان بیربەرێتەوە....

جیهانی تەسەوف ڕەهەندی نوێ بە شیعرو شاعیرێتی دەبەخشێت و مێشکی شاعیرو خوێنەریش بەرەو سنوورە بێ کۆتاییەکان درێژدەکاتەوەو هەوڵدەدات پەیوەندی بە جیهانێکی تری دەرەوەی ئەم جیهانە بهێنێتە کایەوە.

مەحوی دەڵێ: وتم با لەم دەرو لەم کۆیەدا ئانێ سکونەت کەم

وتی عاشق دەبێ هەر دەربەدەربێ کۆبەکۆ بڕوا25

ئەوەی لەم بەیتەی مەحویدا بەرلەهەرشت سەرنجمان ڕادەکێشێت، چەمکی (سکونەت)ە کە شیعرەکەی هەڵدرینمان وەبیر دێنێتەوە. ئەو شیعرەی بووە مایەی شڵەژاندنی گۆمی هزرو خەیاڵی هایدگەر. بەم جیاوازییەوە کە هلدرین دەڵی مرۆڤ خانوو چێدەکات(سکونەت دەکات). بەڵام مەحوی (دەخوازێ) سکونەت بکات. جیاوازییەکە لە دیدی ئەم دوانەدایە. دید بۆ مەرگ و بۆ ژیان. مرۆژڤ بەلای مەحوییەوە ئەو بوونەوەرەیە کە لە دڵدا ئارەزووی سکونەت و سەقامگیریی دەکات بەڵام ئەو کە هەڵگری خەسڵەتی شەیدابوون و ئەویندارێتییە: ئەویندارى خوا، جوانی، کامڵی و تۆکمەبوونی ڕەها، دەبێ هەمیشە لەگەشت و کۆچکردن و گەڕان و سەرئەنجامیش مەرگدا بێت. هڵدرین لەمیانەی ئەم کۆپڵەشیعرەیەوە لەدەرگای بوون دەدات و دیرۆکی مرۆڤایەتی و دەستپێکی ژیان وەبیردێنێتەوەو هەروا باس لە پەیوەندی سروشت بە ئادەمیزادەوە دەکات. لەحاڵێکدا خەمی مەحوی چارەنووسیەتی نەك ڕابردووی.

هەرلەم سۆنگەیەوە نالیش دەڵێت:

دائیم لە حەزەردا سەفەریی بە لە وەتەندا

غوربەت کەش و عاجز بە، ئەگەر ئەهلی تەریقی

بەڵام پەیوەندی شیعر بە فەلسەفەوە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا لە چوارچێوەی تەسەوف دێتە دەرەوەو شێوازێکی تری نوێ بەخۆیەوە دەگرێت.

ڕەفیق سابیر دەڵێ: کات ڕووبار ئاسا بە پرتاو دەڕوات

جوانترین ڕوخسار، بۆ ژوانی عەدەم، گوڵبژێر دەکات

کات! ئەو شتەیە لە ڕۆیشتن ناوەستێت و ئەو لەحزە لەحزانەی زەمان دێن ڕەتدەبن و هیچکات دووبارە نابنەوە. مرۆڤەکان لەهەر لەحزەیەکدا لەحاڵەتی مردن و لەدایکبوونێکی تردان. بەو واتایەی نێوان لەحزەیەك و یەکێکی تر، یەك لەحزە پیرتر دەبێت و لەو یەك تاکە لەحزەیەدا چەندان و چەندان گۆڕانکاریی بەجەستەو هۆشی دادێت و ئیتر ئەو مرۆڤەی ئێستا ئەوەی یەك لەحزە پێش نییە. بەڵام لەبەر ئەوەی مێشکی ئێمە ناتوانێ بەباشی دەرك بە گۆڕانکارییە لەحزەییەکان بکات تەنیا لە خڕکردنەوەی ئەم لەحزانەدا گۆڕانکارییەکان دەبینین و لەساڵ بەرەو سەر پیربوونی مرۆڤەکان و بەسەرچوونی تەمەن هەست پێدەکەین. دالامبر دەڵێت: ڕەنگە حاڵی حازر تەنانەت یەك ئەتۆمیش لەوەی کاتی لەدایکبوون لەجەستەی مندا بووە نەمابێ . ئیتر من چۆن دەتوانم بۆخۆم و خەڵکانی تر هەبم.؟26

دەربڕینی فەلسەفیانە لە شیعری کوردیدا بە کلاسیك و هاوچەرخیەوە. بە کۆن و نوێیەوە پانتاییەکی وەهای داگیرنەکردووە کە ببێتە هۆی پەیدابوونی ڕچەیەکی شیعریی وا بتوانیین پێی بڵێن شیعری فەلسەفی. هۆکارەکانیشی بە بڕوای من نامۆبوونی فەلسەفەیە بە عەقڵیەتی ئێمە. لێرەشدا مەبەستم لە فەلسەفە زانستێکە. دەنا فەلسەفە لە گەڵ ژیانی مرۆڤدایەو لەهەموو شوێن و کاتێدا کەم یان زۆر ئامادەیە. هۆکاری نەبوون یان لاوازی فەلسەفەش وەك زانستێك لە عەقڵیەتی ڕۆژهەڵاتیدا بە بڕوای من هەبوونی ئەلتەرناتیڤی مەزهەبە. و ئەگەر بەواتایەکی ڕوونتر بڵێم ئەمەیە کە مەزهەب لە ڕۆژهەڵاتدا جێگای فەلسەفەی گرتۆتەوەو لە ڕۆژئاواش بە پێچەوانەوە، واتا فەلسەفە جێگای مەزهەبی گرتۆتەوە. ئەوەتا ئیفلاتون وەك پێشەوایەکی ئاینیی دەدوێت و باس لە نەمری گیان دەکات و لەو ئەفسانانەدا کە دەیانگێڕێتەوە جەخت لەسەر گەڕانەوەی سەرلەنوێی گیانی مرۆڤ پاش مردن دەکاتەوەو تەنانەت ئەمەش دەستنیشان دەکانت کەمرۆڤ پاش مردنی لەو جیهانی تر هەزار ساڵی تری خۆش یان ناخۆش کە پەیوەستەی کردوەکانییەتی لەم جیهانەدا، بەسەردەبات. و پاش ئەم هەزار ساڵەش جارێکی تر لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی دووبارەی ئاستی خێروشەڕی، هەزار ساڵی تر لەخۆشی و شادی یان ڕەنج و ئازاردا بەسەردەبات و ئیتر هەر بەمجۆرە... و ئیفلاتوون گوناهی هەر خراپەیەکیش کەمرۆڤ ئەنجامی دەدات دەگێڕێتەوە ئەستۆی مرۆڤ خۆی، نەك خوا. چونکە مرۆڤ ئازادانە هەڵدەبژێرێت. و بۆ ئەوەش لە هەڵبژاردندا سەرکەوتووبێت پێیوایە دەبێ بێتە ناو جیهانی فەلسەفەوەو دەڵێت: (پێویستە لەسەرمان بەهەموو ناخمانەوە فەلسەفە بنوێنین و بەهەموو هەبوونمانەوە بۆ حەقیقەت بگەڕێین)27

ئیفلاتوون نه پەیامبەرەو نەنێردراوی خواشە. کەچی بەزمانی ئەوان دەپەیڤێت. چونکە ئەگەر باوەڕی مەزهەبیی لە ناخ و ویژدانی مرۆڤدا هەبوونی هەبێت بەشێوەیەك لەشێوەکان خۆی دەردەخات و بۆ ئەم حاڵەت و هەلومەرجەی ئەو کاتەش گونجاوترین بوار فەلسەفەیە.

ئەوەتا دەشبینین تەواوی مەزهەبە مەزنەکانی جیهان: هیندۆسی، بودایی، زەردەشتی، جوویی، مەسیحی، مانی، و دوای هەمووانیش ئیسلام لە ڕۆژهەڵات لەدایك بوون. لەبەرانبەر ئەمیشدا تەواوی قوتابخانە فەلسەفییەکانی جیهان لەڕۆژئاوا سەریان هەڵداوەو گەشەیان کردووە. بەمجۆرە فەلسەفە لە ڕۆژهەڵات ئاوێتەی مەزهەبە و بەزمانی ئەوو لەژێرکاریگەریی ئەودا خۆدەردەخات ودەپەیڤێت.

## ماوية‌تي


سەرچاوەو پەراوێزەکان:

20- ك كارل يبرز، نصوص مختارة من التراث الوجودي. ترجمة فؤاد كامل.الهيئة المصرية العامة للكتاب 1987 ص21

21- نزار بريك هنيدی. الشعر والفلسفه لە (معابر)ەوە

22- مصاحبة ديدرو- دالامبر. مترجم: ابوالحسن كيهاني_ انتشارات مهر ص45

23- ڕێبوار سیوەیلی- خەوە بەردینە لە ئەفسانەوە تا گفتوگۆی شیعری. ڕابوون- ژمارە 25- 1998

24- ڕێبوار سیوەیلی- هەمان سەرچاوە.

25- ڕەوشت محەمەد لە لێدانەوەو وێکچواندنێکی جواندا پەیوەندی ئەم بەیتەی مەحوی لەگەڵ ڕۆمانێکی نیکۆس کازانتزاکیدا دەبینێتەوە. بڕوانە ڕەوشت محەممەد. لە نێوان مەحوی و نیکۆس کازانتزاکیدا. ڕامانێك لە ڕۆمانی(فرانسیسکۆس قەدیس من) کوردستان نێت 30-11-2004.

26- مصاحبة ديدرو- دالامبر سەرچاوەی پێشوو ل29

27- عادل العوا، مذاهب السعادة، دار الفاضل، دمشق 1991. ص32-33